Revolutionaries Union of kurdistan

# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## ئاگاداریی پێکهاتنی کۆمیتەی ڕێکخستنی
## یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ئەمریکا

لە پێناو پەرەدان بە چالاکیی زیاتر و پتەوکردنی پێوەندیی و بەشداریی لە ڕێکخستنی کوردەکانی نیشتەجێی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە هێزکردنی پێوەندی نێوان کورد و گەل و حکومەتی ئەمریکا و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و وەسەر یەکخستن و ڕێکخستنی هەموو هێز و توانا و چالاکییەکان، ئەندامان و تێکۆشەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەو وڵاتە، ڕۆژی 2005/6/10 لە کۆبۆنەوەیەکدا لە واشنگتۆن دیسی، پاش تاوتوێ کردنی ئەو بابەتانە و کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار، کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان هەڵبژارد و لەمەولا هەموو چالاکییە جۆراجۆرەکانیئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ئەمریکا، بە پێی بڕیار و ڕێنماییەکانی ئەو کۆمیتەیە دەبێ.

کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، داوا لە ئازادیخوازانی کوردی ڕۆژهەڵات لەو وڵاتە دەکا بۆ بەهێز کردنی خەباتی نەتەوایەتی و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی گەل و دەوڵەتی ئەمریکا لە دۆزی ڕەوای کورد، پێوەندیی و هاوکاری لە تەکدا بکەن.

کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە نۆرەی خۆی و بە پێی توانای، ئامادەیی دەردەبڕێ بۆ هاوکاریی پێویست لەگەڵ کوردەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتە لە هەر بوارێکی مومکیندا.

ڕۆڵەکانی گەلی کورد و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئەمریکا و هەر شوێنێکی دیکە دەتوانن بۆ پێوەندیی لە گەڵ کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو ئیمایل و ژمارە تەلەفونانەی لێرەدا ڕاگەیەندراون بەکار بێنن.

**سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان**

**بژی کورد، بژی کوردستان**

**کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**لە ئەمریکا**

2005/6/12

**TL: 2024923235**
**519489062**
**7032865389**
**Email: ruk-usa@yahoo. com**